**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕەگەزی گرفتی لێکۆڵینەوە لەنێو ماستەرنامەکانی شیعری کوردیدا (2003 _ 2010) زانکۆی سەلاحەددین

**کاوە علی مەردان**

بەشی زمانی کوردی, کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی, زانکۆی سەلاحەددین, هەولێر ، هەرێمی کوردستان، عێراق

Kawaali371@gmail.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢١/٧/٢٢

پەسەندکردن:٢٠٢١/٩/١

بڵاوکردنەوە: پاییزی ٢٠٢١

**ووشە سەرەکییەکان**

*Research, Researcher, Component, Master's Thesis, Research Problem*

Doi:
10.25212/lfu.qzj.6.4.08

## پوختە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی [ڕەگەزی گرفتی لێکۆڵینەوە لەنێو ماستەرنامەکانی شیعری کوردیدا (2003 _ 2010) زانکۆی سەلاحەددین]، هەوڵێکە بۆ پتر بەزانستی کردنی کردەی لێکۆڵینەوە لەنێو نامە ئەکادیمیەکانی شیعری کوردیدا، لەم لیکۆڵینەوەیەدا کار لەسەر یەکێك لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی کراوە و تێدا بەوردی ئەرك و ڕۆڵ و کاریگەری ئەو ڕەگەزە لەنێو کردەی لێکۆڵینەوە زانستییەکان خراوەتەڕوو. ئاشکرایە ئەم ڕەگەزە یەکێکە لە جەمسەرە گرنگەکانی لێکۆڵینەوە و بناغەی ڕەگەز و پێکهاتەکانی تری لێکۆلینەوەی لەسەر بونیاد دەنرێت، لەم سۆنگەیەوە ئەم بابەتە بەهەند گیراوە و لەسەر ماستەرنامەکانی شیعری کوردی بەوردی شیکردنەوەی بۆ کراوە، ئەمەش بۆ ئەوەی چۆنییەتی بەکارهێنانی ڕەگەزەکە لەنێو ماستەرنامەکان بەدیار بکەوێت، کە تا چ ئاستێك توانراوە لەڕووی زانستییەوە و بە دروستی بەکاربهێنرێت، لەم نێوەندەشدا بە پێوەری زانستی هەڵسەنگاندن بۆ شێوازی مامەڵەکردنی لێکۆڵەری نامەکان کراوە؛ بۆ ئەوەی لەڕووی زانستییەوە جۆر و شێوازی مامەڵەکردنەکە بەدیار بخرێت .

بۆ ئەم مەبەستەش لەم لێکۆڵینەوەیەدا لێکۆڵەر سوودی لە میتۆدی (وەسفی _ شیکاری) بینیوە، ئەمەش بە پشت بەستن بە بنەما چەسپاوەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی. لە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەدا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وادەردەکەوێت بەگشتی ماستەرنامەکان بەشێوەیەکی زانستیانە ڕەگەزی (گرفتی لێکۆڵینەوە)یان پڕاکتیزە نەکردبێت.

## پێشەکی

### 1: چوارچێوەی لێکۆڵینەوە -ڕەهەندەکانی لێکۆڵینەوە

ناونیشانی لێکۆڵینەوە [ ڕەگەزی گرفتی لێکۆڵینەوە لەنێو ماستەرنامەکانی شیعری کوردیدا (2003 _ 2010) زانکۆی سەڵاحەددین] لێکۆڵینەوەکە، شیکارییەکی زانستی بۆ ڕەگەزی (گرفت لێکۆڵینەوە) لە چوار چێوەی ماستەرنامەکانی شیعری کوردی کردووە ، هاوکات پشتی بە سەرچاوەی زانستی جۆراوجۆر بەستووە.

### 1.1: گرفتی لێکۆڵینەوە

چۆنییەتی ئامادەبوونی ڕەگەزی (گرفت لێکۆڵینەوە) وەکو بنەمایەکی لێکۆڵینەوەی زانستی لەنێو ماستەرنامەکانی شیعری کوردی لە سنووری دیاریکراوی لێکۆڵینەوەکەماندا. ئەمەش بە مەبەستی وەڵامی ئەم پرسیارە، لێکۆڵەرانی ئەم نامانە تا چ ڕادەیەك بە شێوەیەکی زانستییانە مامەڵەیان لەگەڵ ڕەگەزی (گرفتی لێکۆڵینەوە)دا کردووە.

### 2.1: گرنگی لێکۆڵینەوە

ئەوەی زیاتر گرنگی و بایەخی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەردەخات بریتییە لە بەزانستی کردنی کردەی لێکۆڵینەوە لەنێو ماستەرنامەکانی ئەدەب (شیعری کوردی)دا، لەو نێوەندەشدا سەرنج خستنەسەر ڕەگەزی گرفتی لێکۆڵینەوە و بەدیار خستنی ڕۆڵ و ئەرکی ئەو ڕەگەزە لەنێو لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکاندا؛ بۆ ئەوەی کردەی لێکۆڵینەوە بەپێی شەنگستە زانستییەکان هەنگاو بنێت و شوێنپێی ڕێکارەکانی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی هەڵبگرێت.

### 3.1: ئامانجی لێکۆڵینەوە

ئامانج لەم لێکۆینەوەیەدا بە دیارخستنی گرنگی و ڕۆڵ و کاریگەریی ڕەگەزی گرفتی لێکۆڵینەوەیە بەگشتی و چۆنییەتی بەکارهێنانی ڕەگەزەکەیە لەنێو ماستەرنامەکانی شیعری کوردی قۆناغی دیاریکراوی لێکۆڵینەوەکەیە.

### 4.1: پرسیاری لێکۆڵینەوە

گرفتی لێکۆڵینەوە چییە؟

ئەرك و ڕۆڵ و کاریگەری (گرفتی لیکۆڵینەوە) لەنێو لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا چییە؟

شێوازی بەکارهێنان و خستەڕووی گرفتی لێکۆڵینەوە لەنێو ماستەرنامەکانی شیعری کوردی چۆنە؟

### 5.1: میتۆدی لێکۆڵینەوە

لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوود لە میتۆدی (وەسفی _ شیکاری) بینراوە، ئەمەش بە پشت بەستن بە بنەما چەسپاوەکانی لێکۆڵینەوەی زانسی.

### 6.1: سنووری لێکۆڵینەوە

سنوری ئەم لێکۆڵینەوەیە بەجۆرێکە لەڕووی بابەتەوە سنووری کارکردنی لە چوارچێوەی ماستەرنامەکانی شیعری کوردییە، لەڕووی قۆناغیشەوە لەنێوان ساڵانی (2003 تا 2010) ماستەرنامەکانی شیعری کوردی زانکۆی سەلاحەددین وەرگیراون.

### 2: گرفتی لێکۆڵینەوە

1-2: سەرهەڵدان و درککردن بە گرفتی لێکۆڵینەوە

2-2: گرنگی و ئامانجی گرفتی لیکۆلینەوە

3-2: ڕۆڵ و کاریگەری گرفتی لێکۆڵینەوە

3: گرفتی لێکۆڵینەوە لەنێو ماستەرنامەکاندا

1-3: باسکردن و خستنەڕووی گرفتی لێکۆڵینەوە لەژێر ناونیشانی سەربەخۆدا

2-3: باسکردن و خستنەڕووی گرفتی لێکۆڵینەوە بە تێکەڵی

3-3: ئەو ماستەرنامانەی باسی گرفتی لێکۆڵینەوەیان نەکردووە

## 2: گرفتی لێکۆڵینەوە

چەمکی گرفت خاوەنی بنەما و ڕەهەندی تایبەت بەخۆیەتی کە لە چوارچێوەی بوارە جیاجیاکاندا بەدیار دەکەوێت، گەر بەشێوەیەکی گشتی لەم چەمکە بڕوانین دەبینین ڕەهەندەکانی هێندە بەرفراوانە و بەنێو زۆربەی هەرەزۆری بوارە جیاوازەکانی زانست و فەلسەفەدا ڕۆچووە و تەواوی ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کایانە بۆ مەبەستە تایبەتییەکانی خۆیان بەکاریان دەهێنن. لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە چەمکی گرفت لەنێو هەموو کایە جیاجیاکان وەك یەك نییە و بە هەمان شێواز مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت، بەڵکو لەنێو هەر کایەیەکی دیاریکراودا جۆری مامەڵە و تەنانەت ئامانجەکەشی لەنێو ئەو چوارچێوە دیاریکراوەی کە تێیدا هەڵقوڵاوە دەمێنێتەوە.

ئەم ڕەگەزە بنەڕەتییەی لێکۆڵینەوەی زانستی هەر لەو کاتەوە سەرهەڵدەدات کە بابەتێك سەرنجی لێکۆڵەر بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت و بیرۆکەکەی لە هزریدا چەکەرە دەکات و سەرنجەکانی لەسەر زیاتر چڕدەبێتەوە؛ چونکە هەبوونی گرفتەکە یەکێکە لە ڕەهەندە گرنگەکانی لێکۆڵینەوە و لەسەر بنەمای بوونی ئەو گرفتەوە گەڵاڵەی پرۆژەیەکی نوێی لێکۆڵینەوە لەدایك دەبێت. لێکۆڵەر نابێت پەلە لە دەستنیشانکردنی گرفتی لێکۆڵینەوە بکات و ڕەچاوی شەنگستەکانی ئەو ڕەگەزە گرنگە نەکات؛ چونکە (لە لێکۆڵینەوەدا هەنگاوی یەکەم کە دێتە ناو کایەکە و ڕۆڵدەگێڕێت دیاریکردنی گرفتی لێکۆڵینەوەیە، بۆ بە دەستهێنانی مەعریفەی بنچینەیی لەم ڕەگەزە پێویستی بە تێگەیشتن لە توخمەکانی هەیە) (Szilia, Vincze, 2013: 3_4) لەبەرانبەردا واباشترە لێکۆڵەر خوێندنەوەی قووڵ بۆ ڕەهەندە جیاجیاکانی بکات و زانیاری ورد لەبارەیەوە بەدەست بهێنێت، لەپێناو ئەوەی گەر ئاستەنگیشی بۆ پێشهات بتوانێتت بەو پاشخانە ڕۆشنبیری و مەعریفییەی کە لە دیاریکردنی گرفتەکەدا بەدەستی هێناون زاڵبێت بەسەریاندا و چارەسەریان بکات. لێرەوە هەنگاوەکانی تری پرۆسەی لێکۆڵینەوە ڕیزدەبەستن و گەڵاڵەی ناونیشان دێتە ئاراوە. هاوکات گرفتەکە پرسیارێکی لەناوەرۆکدا هەڵگرتووە (پرسیاری یەکەم و جەوهەری کە لە پرۆسەی لێکۆڵینەوە وەڵامبدرێتەوە بابەتی بژاردەکراو و دەستنیشانکراوی لێکۆڵینەوەکەیە) (Boncz, 2015: 12) دیارە لەگەڵ گەڵاڵەبوونی بابەتی بژاردەکراو بۆ لێکۆڵینەوە ئەو پرسیارەش کە لەنێو ناوەرۆکی گرفتەکەدا شوێن بزرە بە دیاردەکەوێت، لەمیانی کارکردن و چوونە قووڵایی پرۆسەکە وەڵامەکەش بەتەواوی خۆی ئاشکرا دەکات. جێی باسە هەر بوون و دارشتنی ناونیشانەکە بەو پرسیارە هەژمار دەکرێت کە لەگەڵ گرفتی لێکۆڵینەوەکەدا لەدایك دەبێت، لەلایەکی ترەوە گرفتی لێکۆڵینەوە هێندە هەژمونی زاڵە بەسەر پرۆژەی لێکۆڵینەوەوەدا تەنانەت هەندێك لە نووسەران و شارەزایانی بواری لێکۆڵینەوە زانستییەکان پێیانوایە (دڵی هەموو پرۆژەیەکی لێکۆڵینەوە ئەو تەوەرەیە کە تێکڕای پرۆسەی لێکۆڵینەوەکە بەدەوریدا دەخولێتەوە، هەرخۆشی ئەو

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گرفت و پرسیارەیە خودی پرۆژەکە لە پێناویدا هاتۆتە ئاراوە) (Leedy, Ormrod, 2015, 45 بەم پێودانگەش گرفتی لێکۆڵینەوە بە ناوەڕۆك و دڵی لێکۆڵینەوەکەش هەژمار دەکرێت، ئەمەش ڕێگە خۆشکەر دەبێت بۆ ئەوەی کە بگوترێت: گرفتی لێکۆڵینەوە ئەو ڕەگەزە چەند ڕووەیە کە لە زۆربەی شوێنەکانی لێکۆڵینەوەی زانستیدا بوونی هەیە و بە ڕەنگ و ڕووی جیاجیاوە دەردەکەوێت. بۆ ئەوەی لێکۆڵەر بتوانێت بە ئاسانی و دروستی گرفتی لێکۆڵینەوە دەستنیشان بکات و ئاستەنگی کەمتری بێتە پێش، واباشترە ڕەچاوی ئەم چەند خاڵەی خوارەوە بکات:

1. دیاریکردنی بواری لێکۆڵینەوە، بەو مانایەی لێکۆڵەر بوارێکی دیاریکراو بۆ لێکۆڵینەوەکەی دەستنیشان دەکات، کە سنووری کارەکەی لێوە دیار دەبێت، پاشان هەوڵی بردنە پێشەوەی پرۆسەکە دەدات.(Singh, 2006: 23)
2. بوونی ئەزموونی مەعریفی لێکۆڵەر یارمەتیدەرێکی باشە بۆ درککردن بە بوونی گرفتی لێکۆڵینەوە، ئەو ئەزموونە تاکە کەسیەی لێکۆڵەر، ڕۆڵی ئەرێنی لە دیاریکردنی گرفتەکە دەبینێت؛ چونکە ئەو پاشخانەی لەو بوارەی هەیەتی یارمەتیدەر دەبێت بۆ زووتر دەستنیشانکردنی جۆری گرفتەکە. (Berg, 2001, 25)

## 1.2: سەرهەڵدان و درککردن بە بوونی گرفتی لێکۆڵینەوە

یەکێك لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەم ڕەگەزە ئەوەیە کە پێش ئەوەی پرۆژەی لێکۆڵینەوە ناونیشانی بۆ دابرێژرێت و بێتە مەیدانی کارەوە بۆ خۆی گرفتێکە و ئامادەگی هەیە. ئاشکرایە ئامادەگییەکە لەدەرەوەی پرۆژەیەکی دەستنیشانکراوە بۆ لێکۆڵینەوە، بەدەربڕینێکی دی بەرلەوەی پرۆژەی لێکۆڵینەوە بکرێت بە خاوەنی هیچ کام لە ڕەگەزەکان و هاوکات هیچ هەنگاوێکیش بهاوێژرێت، گرفتی لێکۆڵینەوە بۆ خۆی لەنێو کایە جیاوازەکاندا بوونی هەیە، بەڵام پێویستی بە هۆشیاری و درکپێکردن و دارِشتنە لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی لیکۆڵینەوەدا. (یەکێك لەو کارە سەخت و دژوارانەی لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا ڕووبەڕووی لێکۆڵەر دەبێتەوە هەڵبژاردان و دیاریکردنی گرفتی لێکۆڵینەوەیە) (Bairagi and Munot, 2019: 60) هەروەك لەو کارە دژوار و سەختانەی کە لەدەستپێکی پرۆسەی لێکۆڵینەوە سەرهەڵدەدات پەیبردن و هەڵبژاردنی گرفتی لێکۆڵینەوەیە، (لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەدا هەنگاوی یەکەم و دەستپێك دیاریکردن و هەڵبژاردنی گرفتی لێکۆڵینەوەیە بەشێوەیەکی دروست)

(Kothary, 2004: 24)، کە دواتر دارِشتنیەتی لەنێو بوار و بابەتێکی دیاریکراودا، هەڵبەتە چۆنییەتی دۆزینەوە و دركکردن بە بوونی گرفتەکە ئەوە دەکەوێتە ئەستۆی لێکۆڵەر خۆی و ئاستی هۆشمەندی لەنێو کایەی خوازراوی لێکۆڵینەوەدا، دوای دۆزینەوەی گرفتەکە ئینجا پێویستە بە تەواوی قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەدا گوزەر بکات و لە هەر فۆناغێك تایبەتمەندی خۆی وەربگرێت و ئامادەی قۆناغی دواتر بێت؛ چونکە هەبوونی گرفتی لێکۆڵینەوە تەنها ڕەگەزێك نییە شوێنێکی لەنێو پەیکەری لێکۆڵینەوە گرتبێت، لەوەش پتر ئەم ڕەگەزە پەیوەستە بە هەموو پێکهاتەکانی پرۆژەی لێکۆڵینەوە و ئاوێتەیان دەبێت.

## 2.2: گرنکی و ئامانجی گرفتی لێکۆڵینەوە

گرنگی ئەم ڕەگەزەی لێکۆڵینەوە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەر بوونی خودی گرفتەکە هاوتایە بە تەواوی پرۆژەی لێکۆڵینەوە؛ چونکە (ئەو گرفتە خاڵی دەستپێکی جووڵەی لێکۆڵەرە بۆ پێویستی لیکۆلینەوەکەی، ئەمەش دەبێتە تەوەری لێکۆڵینەوەکەی تا کۆتایی لەسەری بەردەوام دەبێت) (عليان، د.ت: 69) لەگەڵ هەستکردن و دۆزینەوەی گرفتێك لە بابەتێکی دیاریکراو بۆ لێکۆلێنەوە، لێرەوە ئەمیش ئاشکرا دەبێت و دەست بە نەشونماکردن دەکات، لەو ڕوانگەیەوە کە پڕۆژەی لێکۆڵینەوە لەسەر بوونی گرفتێك بونیاد دەنرێت و دەکەوێتە ژێر ڕکێفی ئەوەوە، هەروەها لەڕێگەی بوونی گرفتەکەوە بەدیار دەخرێت، کەواتە یەکێك لە ڕەگەزە زاڵەکانی نێو پرۆسەی لێکۆڵینەوە گرفتە کە هەژموونی بەسەر هەموو ڕەگەزەکانی تردا هەیە و بە جۆرێك لە جۆرەکان ئاراستەیان دەکات، هەموو ئەمانە گرنگی پتری ئەم ڕەگەزە ئاشکرا دەکەن، دیارە ئامانجی سەرەکی گرفتی لێکۆڵینەوش بە پلەی یەك دۆزینەوەی چارەسەرە بۆ ئەو گرفتەی کە بووەتە هەوێنی لەدایکبوونی پڕۆژەکە، هەڵبەتە دۆزینەوەی چارەسەر لەنێو کایە زانستییەکاندا هەروا ئاسان نییە و پێویستی بە کۆکردنەوەی داتا و زانیارییە لەسەر بابەتەکە و لێکدانەوە و شیکردنەوەیانە لە پێناو سەلماندنی دۆزینەوەی ڕاستییەکان و چارەسەرە بۆ خودی گرفتەکە، ئەمەش لەمیانی هەنگاوەکانی لێکۆڵینەوە و گوزەرکردن بە پرۆسەکەدا بەدی دێت.

## 3.2: ڕۆڵ و کاریگەری گرفتی لێکۆڵینەوە

بۆ دیاریکردن و بەدیارخستنی ڕۆڵ و کاریگەری گرفتی لێکۆڵینەوە لەنێوەندە زانستییەکان و لەدەرەوەی ئەو نیوەندانەش دەکرێ لەدوو گۆشەوە سەرنجی پتری بخرێتەسەر، ئەوانیش بریتین لە:

1. لەو گۆشەیەوە کە دیاریکردنی گرفتی لێکۆلینەوە ڕاستەوخۆ لێکۆڵەر لێی سوودمەند دەبێت، ئەو دیاریکردنەی گرفتەکە ڕۆڵی سەرەکی لە سنووردارکردنی چوارچێوەی لێکۆڵینەوە دەگێڕێت و بازنەی کارەکەش بۆ پڕۆژەکە دیاری دەکات، ئەمەش لەسەر هەردوو ئاستی کاتی و شوێنی دەستنیشان دەکرێت، لەلایەك ناهێڵێت بابەتەکانی لێکۆڵینەوە لەسنووری خۆیان تێپەر بکەن، لەلایەکی ترەوە ڕێگرە لە هاتنە ناوەوەی بابەتی لابەلا و دوور لە ناوەرۆکی پڕۆژەکە؛ چونکە لە هەردوو بارەکەدا بێ سەرەوبەرەیی ڕوو لە لێکۆڵینەوەکە دەکات و ئامانج و مەبەستی لایەنە زانستییەکە بەرەو لاوازی دەبەن، هەروەك ئەو ڕۆڵە گرنگەی گرفتی لێکۆڵینەوە لە دەستنیشانکردن و داڕشتنی ناونیشانی لێکۆڵینەوەوە بەرجەستە دەبێت. (كتاب جماعي، 2019: 48)

2. لەو گۆشەیەوە کە گرنگی و ڕۆڵی گرفتی لێکۆڵینەوە سوودی بۆ تەواوی خوێنەران دەبێت، ئەمەش دوای ئەوەی گرفتەکە دەبێت بە پڕۆژەیەکی لێکۆڵینەوە و لە چوارچێوەی ناونیشانێکی زانستیدا دادەڕێژرێت، لێرەوە دەکرێ (لێکۆڵینەوە بۆشاییەکی زانستی پڕبکاتەوە کە لەنێو بوارێکی زانستیی تایبەتدا هەیە، ئەویش لەڕێگەی بەدواچوون و لێکدانەوە و ئەو ئەنجامانەی پرۆسەی لێکۆڵینەوە پێیدەگات) (Akhidime, 2017: 635_634) لە بارەی کاریگەری گرفتی لێکۆڵینەوەش بەو پێیەی دیاریکردن و هەڵبژاردنی گرفتەکە لە کارە سەرەتاییەکانی پرۆسەی لێکۆڵینەوەیە، لێرەوە ڕۆڵ و کاریگەرییەکە بەدیاردەکەوێت. گرفتی لێکۆڵینەوە وەك پێشتر ئاماژەی پێدراوە هەژموونی بەسەر تێکڕای پێکهاتە و بەشەکانی لیکۆڵینەوە هەیە و کاریگەری بەسەر هەموو ڕەگەزەکانەوە دەبینرێت، بە جۆرێك هەم ئاوێتەیان دەبێت، هەمیش ئاراستەی شێواز و جۆری کارکردنیان لەنێو پرۆسەکە دیاری دەکات، بە دەربڕینێکی دی کاریگەری و ڕەنگدانەوەی گرفتەکە بەسەر هەموو لایەنەکانی لێکۆڵینەوەی زانستییەوە بەرچاودەکەوێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 3: گرفتی لێکۆڵینەوە لەنێو ماستەرنامەکاندا

گرفتی لێکۆڵینەوە بە یەکێك لە ڕەگەزە گرنگ و سەرەکییەکان نێو پرۆژەی لێکۆڵینەوە دادەنرێت و بڕبڕەی پشتی لیکۆڵینەوەکان پیکدەهێنێت، بەو پێیەی خودی لێکۆڵینەوە بە ناونیشانەکەیەوە لە ئەنجامی بوونی گرفت لە بابەتێکی دیاریکراوەوە سەرچاوە دەگرێت. لیرەوە هەوڵدەدەین بەشێوەی کارەکی(پراکتیکی) کار لەسەر ماستەرنامەکانی سنووری لیکۆڵینەوەکەمان بکەین، بۆ ئەم مەبەستە دەبینین لە ڕووی ناوەرۆکەوە چۆنییەتی و چەندایەتی پیادەکردنی ڕەگەزەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی، جیاوازی لەنێو ماستەرنامەکان بەرچاودەکەون, تێکڕای نامەکان وەك یەك پێڕەویان لە شەنگستەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی نەکردوون، بۆیە دەتوانین پۆلینبەندی لەنێوان نامەکان بکەین و بەشێوەی گرووپ لەیەکدیان جیا بکەینەوە:

### 1.3: باسکردن و خستنەڕووی گرفتی لێکۆڵینەوەوە لەژێر ناونیشانی سەربەخۆدا

بەشێکی زۆری ئەو نامانەی دەکەونە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکەمان بە ئاشکراو لە بڕگەیەکی تایبەتدا ئاماژە بۆ ڕەگەزێکی وەکو (گرفتی لێکۆڵینەوە) دەکەن کە ژمارەیان (9) ماستەرنامە دەبێت بۆ نموونە: ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی _ کوردستانی عێراق (1950_1970)

جەبار ئەحمەد حسێن

هەرچەندە لە خستنەڕووی بنەماکانی لێکۆڵینەوەی زانستیدا لێکۆڵەر بڕگەیەکی لەنێو ڕەگەزەکان تایبەت بە گرفتی لێکۆڵینەوە دیاریکردووە و لە سنوری دووخاڵدا باسی کردووە، لە خاڵی یەکەمدا ئاماژە بۆ کەمی سەرچاوەی زانستی ورد کە بە فراوانی هەموو لایەنەکانی شیعری گرتبێتەوە، لێکۆڵەر پێیوایە کۆکردنەوە و دەست خستنی ئەو سەرچاوانە کاتی زۆری بردووە و مەودای لێکۆڵینەوەکەی بەرتەسك کردووەتەوە، لەخاڵی دووەمدا باس لە نەبوونی سەرچاوە دەکات بە زمانی کوردی، نەبوونی فەرهەنگی زاراوە بۆتە گرفتێکی تر(حسێن، 2005: 2).

دیارە هەموو ئەو بابەتانەی کە لێکۆڵەر باسی لێوەکردوون وەکو (نەبوونی سەرچاوەی ورد بە زمانی کوردی و زمانە بیانییەکان، یاخود نەبوونی فەرهەنگی زاراوەی کوردی) ئەمانە دووروو نزیك هیچ پەیوەندییەکیان بە بوونی گرفتی لێکۆڵینەوەی زانستییەوە نییە و ناکەونە ژێر ڕکێفی ئەم ڕەگەزەی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێکۆڵینەوە، ئەوەی کە پێی دەگوترێت گرفتی لێکۆڵینەوە بوونی کێشە یاخود گرفتێك لە بابەتێك یان دیاردەیەك یان ڕووداوێك کە دواتر دەبن بە چەقی کاری لێکۆڵینەوە و تەواوی پرۆژەکەی لەسەر بونیاد دەنرێت. جێی باسە هۆشمەندی و خوێندنەوەی وردی لێکۆڵەر وادەکات، کە پەی بە بوونی گرفتێك لە بابەت و بوارێکی دیاریکراو ببات و هاوکات شایانی چارەسەر کردنیش بێت، لەو کاتەدا هەل و دەرفەتەکە دەقۆزێتەوە کە لە چوارچێوەی ناونیشانێکدا دایدەڕێژێت و بابەتی لێکۆڵینەوەی لەسەر بونیاد دەنێت و دەیکات بە دڵی پرۆژەکەی، دواتر هەنگاوەکانی تریش بەدوایدا دێن.

شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا (نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم)

ئەحمەد محەمەد مام عوسمان

لەم نامەیەدا گرفتی لێکۆڵینەوە بە ڕەگەزێکی سەرەکی خۆی دەنوێنێت و لە ژێر ناونیشانی گیروگرفتی لێکۆڵینەوەدا بەم شێوەیە سێ خاڵ تەرخانکراوە لەبارەی بوونی ئەو گرفتەوە:

1. کەمی سەرچاوە لەبارەی شیعری فێرکردنەوە بەزمانی کوردی بۆیە پەنام بردە بەر سەرچاوە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی و ئەوانیش پێویستیان بە وەرگێڕان و سەر لەنوێ دارِشتنەوە بوو، سەرەڕای ئەوەی کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە ئەدەبی کوردییەوە نەبوو.

2. ئەو سەرچاوە کوردیانەی کە باس لە شیعری فێرکردن دەکەن جیاوازییەکی زۆر لە نێوان بیرو بۆچوونی لێکۆڵەرەکانیاندا هەیە، تەنانەت هەندێکیان لە هێڵە گشتییەکانیشدا یەك ناگرنەوە بەتایبەتی ئەوانەی شیعری فێرکردن تەنیا لە چوارچێوەی ئەدەبی منداڵاندا دەکۆڵنەوە و ئەوانەی لە بنەڕەتدا ئەم جۆرە هونەرە بە شیعر دانانێن.

3. نەبوونی فەرهەنگی زاراوەسازی ئەدەبی کوردی، بووەتە هۆی ئەوە کە زۆربەی زاراوە ئەدەبییەکان وەکو وشە فەرهەنگییەکان سەیر بکرێن ، یانیش لە چوارچێوەیەکی پێشنیارکراوی نەچەسپاودا باس بکرێن (مام عوسمان، 2007: 2)

هەرچەندە لێکۆڵەر لە نامەکەیدا لەژێر ناوونیشانێکی سەربەخۆ ئاماژەی بۆ بوونی گرفتی لێکۆڵینەوە کردووە، لەمیانیدا هاتووە کەمی سەرچاوە بە زمانی کوردی لەبارەی شیعری فێرکردن یان وەرگێڕانی سەرچاوە بۆ زمانی کوردی بە گرفتی لێکۆڵینەوە داناوە، لە کاتێکدا ئەم مەسەلانە نابنە گرفتی لێکۆڵینەوە و بەرەگەزێکی سەرەکی نێو پرۆسەی لێکۆینەوە دانانرێن، ئاخر کاری لێکۆڵەر خۆی لە

بنەڕەتدا ئەوەیە کە بەدوای سەرچاوەی جیاجیای زانستی و باوەڕپێکراودا بگەڕێت، جا بەهەر زمانێکە گرنگ ئەوەیە پەیوەندی بە بابەتەکەیەوە هەبێت و بکەوێتە خزمەتی پرۆژەکەی، لەتەك خاڵەگشتییەکانی لێکۆڵینەوەکەیدا یەك بگرنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پاڵپشتی لە ڕاوبۆچوونەکانی لەنێو لێکۆڵینەوەکەش بکات.

جێی باسە گرقتی لێکۆڵینەوە سەرتاپای پرۆژەی لێکۆڵینەوە دەتەنێت و ئاراستەی کارکردن و هەنگاوەکانی دیاریدەکات، هاوکات دەسەڵاتی بەسەر دەسنیشانکردنی سەرچاوەکانیشدا دەشکێت و لەم ڕێگەیەوە لێکۆڵەر دەتوانێت دەست بۆ ئەو ژێدەر و سەرچاوانە ببات کە دوور و نزیك پەیوەندیان بە بابەتەکەیەوە هەبێت.

لێکۆڵینەوەیەك لە شیعرەکانی هەژاردا

ماکۆك مەولود حەوێز

ئەمەش یەکێکی ترە لەو ماستەرنامانەی کەوتووەتە نێو سنووری بازنەی پرۆژەی لێکۆڵینەوەکەمان، لەبارەی ڕەگەزی گرفتی لێکۆڵینەوە لێکۆڵەر لەژێر ناونیشانی گیروگرفتی سەر ڕێی لێکۆڵینەوەکە گرفتەکەی لە دوو خاڵدا خستووەتەڕوو:

1. کەمی سەرچاوە و لێکۆڵینەوەی زانستی لەبارەی شیعرەکانی هەژاری شاعیر، ئەمەش وایکرد کۆمەڵێك گیروگرفت دروست بێت لەکاتی ئەنجامدانی کارەکە.

2. هەژار تاکو ئێستا هیچ باسێکی ئەکادیمی لەسەر نەکراوە تاکو ببێتە ڕێخۆشکەرێك بۆ کاری باشتر و سەرکەتوو تر (حەوێز، 2008: 1)

با لەوەوە دەست پێبکەین کە هیچ جیاوازییەك لەنێوان هەردوو خاڵەکەدا بەدی ناکرێت هەردووکیان یەك شتن؛ چونکە نەبوونی سەرچاوە و لیکۆڵینەوەی زانستی لەبارەی شیعرەکانی هەژار، یاخود باسی ئەکادیمی لەسەر هەژار جودانین، ئەگەر لێکۆڵەر لە خاڵی دووەمدا مەبەستی لێکۆڵینەوە لەبارەی خودی هەژار بەبێ شیعرەکانی بێت ئەمە دروست نییە؛ لەبەرئەوەی ناوبراو کاری لەسەر شیعرەکانی کردووە، نەوەك لایەنێکی ژیانی شاعیری وەرگرتبێت، خۆ ئەگەر مەبەستی هەژار بێت وەکو شاعیر دەبێت شیعرەکانی بچێتە نێو ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە مەبەستییەتی، لەم ڕوانگەیەشەوە هەردوو خاڵەکە دەبنەوە یەك و هیچ جیاوازییەك لە نێوانیاندا نابینرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیارە ئەوەی ئێمە دەمانەوەێ تیشکی بخەینەسەر چۆنییەتی دیاریکردنی گرفتی لێکۆڵینەوەیە، لێرەدا لێکۆڵەر کەمی سەرچاوە لەسەر شاعیر یاخود شیعرەکانی کردووە بە خاڵی سەرەکی گرفتی لێکۆڵینەوەکەی، ئاشکرایە لە دەست بردن و دیاریکردنی گرفتی لێکۆڵینەوەدا لێکۆڵەر نەیپێکاوە و پەی بەو ڕاستییە زانستییە نەبردووە، کە بوونی گرفتی لێکۆڵینەوە شتێکە ئەوەی ناوبراویش ئاماژەی بۆ کردووە شتێکی ترە و دوورە لە مەسەلەی گرفتی لێکۆڵینەوە؛ چونکە گرفتی لێکۆڵینەوە هەروەك پێشتریش بەوردی لەبارەیەوە دواوین، ڕەگەزێکی سەرەکییە لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەدا و بە چەق و خاڵی دەستپێکی لێکۆڵینەوە خۆی دەنوێنێت، لە کاتێکدا لێکۆڵەری نامەکە کەمی سەرچاوە لەبارەی شاعیرەوە لەگەڵ ئەو ڕەگەزە گرنگەدا تێکەڵی کردووە و وەکو یەك بابەت پیشانیداوە.

شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیرباڵ مەحموود

صافیە محەمەد ئەحمەد

سیمۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی (مەلای جزیری)دا

کامەران ئیبراهیم خەلیل مشەختی

زمانی شیعری و ڕەخنەی ئەدەبی نوێ

محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم

ئاوێتەبوون و لێکدانەوە شیعری (نالی)بە نموونە

ئەرخەوان محەمەد عبید

لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری لە شیعرە کوردییەکانی (ڕاجی)دا

کانیاو عەسمان مستەفا

شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا (باشووری کوردستان 1925_1961)

عەبدوڵلا ڕەحمان عەبدوڵلا

ڕەخنەی کۆمەڵایەتی پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا

ئاوارە کەمال صالح

جێێ باسە تێکڕای ئەو ماستەرنامانەی دەکەونە خانەی ئەم بەشەوە لەڕووی ناونیشانەوە هیچ کێشەیەکیان نییە و زۆر بەجوانی ئاماژەیان بۆ بوونی گرفتی لێکۆڵینەوە کردووە، ئەمەش یەکێکە لە

هەنگاوە بەراییەکانی لێکۆلینەوەی زانستی، بەڵام کاتێك سەرنج دەخرێتە سەر ناوەرۆکی گرفتی لێکۆڵینەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە لە تەواوی ئەو نامانەدا تەنانەت یەك نامەش بە ئاقاری مەسەلەی بوونی گرفتی لێکۆڵینەوە بە شێوە زانستییەکەیدا نەڕۆیشتووە، بە دەربڕینێکی دی ئەوەی لەو ماستەرنامانەدا باسکراوە هێندە دوورن لە بابەتی گرفتی لێکۆڵیینەوە دەکرێ بگوترێ ئەمان لە دۆڵێکن ئەوانیش لە دۆڵێکی ترن، زۆرینەیان کەمی سەرچاوەی پەیوەست بە بابەتەکە بە زمانی کوردی وەك گرفتی لێکۆڵینەوە ناساندووە، ئەمەش لێرەدا ئەو پرسیارە دەورووژێنێت کە لەڕووی ئەکادیمییەوە ئایا دروستە سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوە لەیەك تاکە زمان قەتیس بکرێت و لێکۆڵەر ئاگای لە ڕاوبۆچوونی جیاوازی دەرەوەی زمانەکەی خۆی نەبێت؟ بە تایبەت بۆ لێکۆڵیینەوە بە زمانێکی وەکو زمانی کوردی کە تائیستاش زۆرینەوی بوارەکانی بە نووسین و لێکۆڵینەوە تێر و پاراو نەکروان، بەڵکو پێتقیان بە لێکۆڵینەوەی زیاتر و زیاترە بۆ ئەوەی زۆرینەی کایەکان لەم ڕووەوە بخرێنە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە بەزمانی کوردی، هەرچەندە بەمدوایانە هەوڵ و تەقەلا دراوە و تارادەیەکی باش بوارە جۆراوجۆرەکان لە لێکۆڵینەوە و بەدواداچووندا هەنگاوێك بەرەو پێشەوە چوونە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هێشتا نەتوانراوە تێکڕای کایە جیاجیاکان بە نووسین و لێکۆڵینەوە خزمەت بکرێن، ژێدەر و سەرچاوەی پێویستی بۆ لێکۆڵینەوەکان فەراهەم بکەن. لەم ڕوانگەیەوە خۆ بەدوور گرتن یان بەگرفت زانینی سەرچاوە بەدەر لەزمانی کوردی بیانویەکە و پاساو هێنانەوەیەکی لاوازە.

## 2.3: باسکردن و خستنەڕووی گرفتی لێکۆڵینەوە بە تێکەڵی

بەشێکی ترلە ماستەرنامەکان بەبێ جیاکردنەوە و بڕگە بۆ دیاریکردن لە سوچێك یان گۆشەیەکی پاینی پێشەکیدا بە چەند دێڕێك ئاماژە بە بوونی گرفتی لێکۆڵنەوە دەکەن، ئەوانیش ژمارەیان (6) ماستەرنامەیە:

سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی (1898 _ 1932)

یادگار ڕەسوڵ حەمەدەمین باڵەکی

لەم ماستەرنامەیەدا لێکۆڵەر لەپێش باسکردن و خستنەڕووی بەش و تەوەرەکانی لێکۆڵینەوەکەی، لە پەرەگرافێکی دوور و درێژدا هاتووەتە سەر باسی گرفتی لێکۆڵینەوەکەی، پێیوایە گرفتی سەرەکی لە لێکۆڵینەوەکەی ئەستەم بوونی دۆزینەوەی ژمارەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی پەیوەست بە سەرچاوە بۆ

نامەکەی بووە کە لەنێوان ساڵانی (1898_1932) دەرچوونە (باڵەکی، 2003: 2)، هاوکات کۆنی ڕێنووسی شیعرەکانی ناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و گواستنەوەیان بۆ ڕێنووسی نوێی کوردی ئەم سەردەمە گرفتێکی تر بووە بۆ کارەکەیان، دیارە ئەم ماستەرنامەیەش لە دیاریکردن و خستنەڕووی گرفتی لێکۆڵینەوە، نەیپێکاوە و تووشی هەڵە و کێماسی لە دەستیشانکردنی ئەو ڕەگەز و بڕگە گرنگەی ڕێبازی لێکۆڵینەوە بووەتەوە. ئاشکرایە بوون و نەبوونی سەرچاوە یان بەردەست نەبوونی ژمارەی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی ئەو سەردەمەی کە شیعری تازەی کوردیان تێدا بڵاو کراوەتەوە یاخود جۆری ڕێنووسەکەیان، هیچ کام لەمانە ناچنە چوارچێوەی گرفتی لێکۆڵینەوەوە، بە هیچ شێوەیەك ئەو بابەتانەی وەك گرفتی لێکۆڵینەوە دەستنیشان کراون، لە هەمبەر ئەو ڕەگەزە هەژمار ناکرێن؛ چونکە ڕەگەزی گرفتی لێکۆڵینەوە خۆی لەو ئاستەنگی و بەربەستانەی لە کاتی پرۆسەی لێکۆڵیینەوە و نووسینەوەی نامە ئەکادیمییەکان پێشدێت بەدوور دەگرێت، بەڵکو ئەوەی ئەم ڕەگەزە خاوەندارێتی لێدەکات ئەو گرفتەیە کە خودی بیرۆکەی بابەتەکە لێیەوە سەرچاوەی دەگرێت و دەبێت بە پرۆژە بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی.

ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە شیعری کوردیدا (1918_1945)

ڕێزان محەمەد غەفوور محەمەد

لیکۆڵەر لەم نامەیەدا زۆر بەکورتی و لە گۆشەیەکی پەرەگرافی پێش باسکردنی پەیکەری لێکۆلینەوەکەی ئاماژەی بۆ هەبوونی گرفتی لیکۆلنەوە کردووە، بە جۆرێك پەیداکردنی سەرچاوەکانی وەك کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بە گرفتی لێکۆڵینەوەکەی دەناسێنێت، هەڵبەتە لێکۆڵەر گرنگییەکی ئەوتۆی بە مەسەلەی گرفتی لێکۆڵینەوە نەداوە، چونکە نەك هەر جیای نەکردووەتەوە، هەر زۆر بەکورتی و لە پەراوێز و گۆشەیەکی پێشەکی لێکۆڵینەوەکەی بابەتی ڕەگەزی گرفتی لێکۆڵینەوەی خستووەتە بەرچاو، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت مەسەلەکە جێی بایەخ و سەرنجی لێکۆڵەر نەبووە و بە جۆرێك لە جۆرەکان بۆ بەرێکردن و ڕاییکردنی پرۆسەکە ئاماژە بۆ بوونی ئەو ڕەگەزە کراوە، دیسان ئەم ماستەرنامەیەش خۆی لە قەرەی دروستی بابەتی بوون لە لە دەسنیشانکردنی گرفتی لێکۆڵینەوە نەداوە، کە نەبوون و دەستنەکەوتنی سەرچاوەی بەو گرفتە هەژمارکردووە. بێئاگا لەوەی ئاستەنگی لە بەدەستهێنانی سەرچاوەی پەیوەست بە بابەتی لێکۆڵینەوە بابەتێکە و ناچێتە نێو بازنە و چوارچێوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گرفتی لێکۆڵینەوە، هەروەك ئەو ڕەهەندە گرنگەی لێکۆڵنەوە خۆی بچووك ناکاتەوە لە بارەی بوون و نەبوونی سەرچاوە، لەکاتێکدا هەموو لێکۆڵینەوەیەکی زانستی پشت بە سەرچاوە و ژێدەرە باوەڕپێکراوەکانی پێش خۆی دەبەستێت لەپێناو پشتڕاست کردنەوەی ڕاوبۆچوونەکانی خۆی لەنێو لێکۆڵینەوەکەیدا، کە جگەلە بەخشینی زانیاری بە لێکۆڵەر هاوتەریب لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستگۆیی بۆچوون و بیرۆکەکانی نێو لێکۆڵینەوەکەی پشت ئەستوور تر دەکات، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەش هێشتا بوون ونەبوونی سەرچاوە نابێت بەگرفتی لێکۆڵینەوە، دیارە ئەم ڕەگەزە سەرەکییە خۆی بەو مەسەلە لاوەکیانەوە سەرقاڵ ناکات، پێشتر ئاماژە بۆ ئەوە کراوە گرفتی لێکۆڵینەوە سەرتاپای لێکۆڵینەوە لەخۆدەگرێت و لەڕێگەی ناونیشانی  پڕۆژەی لێکۆڵینەدا بەدیار دەکەوێت.

کامەران بەدرخان و نوێکردنەوەی شیعری کوردی

جیهان عەبدولوەهاب ئەحمەد

لە چۆنییەتی ئاماژەدان و دەستنیشان کردنی گرفتی لێکۆڵینەوەدا لێکۆڵەر ئەو بابەتەی زۆر بەهەند وەرنەگرتووە؛ چونکە بەشێوەیەکی سادە و ساکار هێمای بۆ کردووە، کە نەبوونی سەرچاوە و پەیوەندی کردن بە (سەرۆکی ئەنیستتیوتی کورد لە پاریس) لەوڕێگەیەوە زانیاری لەسەر شاعیر لێوەرگیراوە، گواستنەوەی ئەلفوبێی لاتینی شیعرەکان بۆ ئەلفوبێی عەرەبی (ئەحمەد، 2008: 3). ئەو بابەتانەی لێکۆڵەر وەك گرفتی لێکۆڵینەوەکەی دەستنیشانی کردووە، نەبوونی سەرچاوە یان هەڵپەکردن و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ بەدەستهێانان و کۆکردنەوەی سەرچاوەکانی تایبەت بە بواری لێکۆڵینەوەکەی، ئاشکرایە ئەمانە هیچ پەیوەندییەکیان بە گرفتی لێکۆڵینەوەوە نییە و ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە خودی لێکۆڵەر خۆیەوە، کە چۆن و بە چ شێواز و میکانیزمێك هەنگاوەکانی نووسینی لێکۆڵیینەوەکەی بەڕێوەدەبات. دیارە لێکۆڵەر وەك باقی ئەوانی تر بەهەمان شێوە نەیتوانیووە ئامانجە گرنگەکە لە دەسنیشانکردنی گرفتی لێکۆڵینەوە بپێکیت، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی لەم بابەتەدا بەدەر نەبێت لە بوونی کێماسی و دەرك نەکردن بەو ڕاستییەی کە مەسەلەی نەبوون  یاخود کەمی سەرچاوە بابەتێکە و گرفتی لێکۆڵینەوە شتێکی ترە، ڕاستە لێکۆلەر لە کۆکردنەوەی سەرچاوە و ژێدەرەکاندا ئاستەنگی و زەحمەتی بۆ پێشهاتووە، بەڵام هێشتا ناکرێت ئەو زەحمەتی و ئاستەنگیانە جێگە بەبابەتە سەرەکییەکە لەق بکەن و جێگرەوەی گرفتی لیکۆڵینەوە بن، هەروەك نابێت ئەوەش بیر

بچێتەوە کە لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر بنەما و پرەنسیپی تایبەتی خۆی کاردەکات و رێبازی لێکۆڵینەوەش خۆی لەخۆیدا نەخشە رێگای کارکردن و هەنگاونانە بەپێی رێکارە زانستییەکاندا دەبینێتەوە، ئەو پرەنسیپانەش ئەرك و رۆڵی تایبەت بەخۆیان لەنێو کردەی لێکۆڵینەوەدا دەگێرن، لەم رووەوە گرفتی لێکۆڵینەوەش بە یەکێك لە رەگەز و بنەماسەرەکییەکانی لێکۆلینەوەی زانستی دادەنرێت و خاڵی دەستپێکە لە بونیادنانی پرۆژەی لێکۆڵینەوە.

جێی باسە بەشێکی تر لەو نامانەی بە هەمان ئاراستەی کارکردن لە دەستنیشانکردنی گرفتی لێکۆڵینەوەدا رۆیشتوون و ئامانجە سەرەکییەکەیان نەپێکاوە بریتین لە:

ریالیزم لە شیعری ئەحمەد دلزاردا (2009)

هیرۆ عبدالرحمن مستەفا

بنیادی ریتم لە شیعرە کوردییەکانی عبداللە بەگی مصباح الدیوان (ئەدەب)دا (2009)

هیوا نورالدین عزیز

3.3: ئەو ماستەرنامانەی گرفتی لێکۆڵینەوەیان باس نەکردووە

ئەم چەند ماستەرنامەیەی کە دەکەونە ژێر ئەم ناونیشانەوە لە هەردوو گرووپەکەی پێشوو تر جیاوازن، لەم بارەیەوە شێوازێکی تریان گرتووەتەبەر:

پەشێو و تازەکردنەوە لە شیعری کوردیدا

شەرمین ئیبراهیم عەزیز

لێکۆڵەر لە نامەکەیدا جیاواز لە نامەکانی تر دوور و نزیك نەهاتووەتە سەر باسی گرفتی لێکۆڵینەوە تەنانەت بە وشەیەکیش ئاماژەی بۆ بوونی گرفتی لێکۆڵینەوە نەکردووە. لەبارەی بوونی گرفتەکە لەنێو ماستەرنامەکان، ئەو نامانەی پێشتر شەنوکەوی گرقتی لێکۆڵینەوەمان کردن، هەریەکەیان بەجۆرێك لە جۆرەکان، کە هەندێکیان بەجیا و لەژێر ناونیشانێکی سەربەخۆدا، هەندێکی تریان بە تێکەڵی و بە بێ جیاکردنەوە باسیان لە بوونی ئەو رەگەزە کردووە، لەراستیدا نەك بەشێوەی دروست و زانستی، بەڵکو بە نادروستی و دوور لە رێکارەکانی ریبازی لێکۆڵینەوەی زانستی، بەڵام لێرەدا ئەم نامەیە بەبێ خستنەرووی گرقتی لێکۆڵینەوەکەی کارەکەی خۆی رایی کردووە، هەروەك ئەو پرسە گرنگەی پرۆسەی لێکۆلینەوەکەی پشتگوێ خستووە و تەنانەت بەتێکەڵیش باسی لە بوونی گرفتی لێکۆڵینەوە نەکردووە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەمە لە کاتێکدایە لەنێو ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستیدا جەخت لە بوونی تێکرای ڕەگەزەکان دەکرێتەوە، کە هەریەك لەو ڕەگەزانەش جێگەی بایەخی ڕێبازەکەن و شوێن و پێگەی خۆیان لەنێو کردەی لێکۆڵینەوەدا هەیە، یەك بە یەکیان هەم ئەرکیان دەخرێتەر لەسەر و هەمیش بە قەبارەی خۆیان ڕۆڵ دەگێڕن، دیارە خۆدزینەوە و باس نەکردنی هەرکام لەو ڕەگەزانەی لێکۆڵینەوە پرسیار دروست دەکەن، کە بۆچی لێکۆڵەر خۆی نەداوە لە باسکردن و خستنەڕووی گرفتی لیکۆڵینەوەکە خۆی؟ لەکاتێکدا گرفتی لێکۆڵینەوە خاڵی بنچینەیی و دەستپێکی لێکۆڵینەوەکان دان

تازەکردنەوە لە شیعرەکانی ئازاد دڵزاردا

سروشت جەوهەر حەویز (2010)

ئەمەش یەکێکی ترە لەو ماستەرنامانەی دیسان نەهاتووەتە سەر باسکردن و خستنەڕووی ڕەگەزی گرفتی لێکۆلینەوە، هەڵبەتە نووسین و خستنەڕووی ئەم ڕەگەزە لەنێو لێکۆڵینەوەی زانستیدا بۆ ئەوە نییە تەنها بلۆکێك بخرێتەسەر بینای بونیادنانی پرۆژەی لێکۆڵینەوە، بەڵکو لەوانەش گرنگتر ئەوەیە کە هەریەك لەو ڕەگەزانە ئامانج و مەبەست و گرنگی خۆیان لەنێو پرۆسە زانستییەکەدا هەیە، پێکەوە هەنگاو بە هەنگاو بە هەماهەنگی کارەکە تەواو دەکەن، خۆلادان و باس نەکردنی گرفتی لێکۆڵینەوە بە کەموکورتییەکی بەرچاو دەبنرێت و کەموکوڕی بەسەر جەستەی لێکۆڵینەوەکە بەجێدەهێڵێت.

هەر لەبارەی باسنەکردنی گرفتی لێکۆڵینەوە لەنێو ئەو دوو نامەیەی کە لە سنووری لێکۆڵینەوەکەماندان ئەو پرسیارە دەورووژێت، ئایا بۆچی لەو ماستەرنامانەدا ئاماژە بە بوونی گرفتی لێکۆلینەوە نەکراوە؟ ئەگەر بڕیار بێت ئاستەنگی ببێتە پێش نووسینی هەر بابەتێکی ئەکادیمی خۆ ئەم نامانە دوور و نزیك لەو بارەیەوە وشەیەکیان نەنووسیوە، لە کاتێکدا بەشی هەرەزۆری ماستەرنامەکانی تر لەم ڕووەوە کەمی سەرچاوەیان وەك گرفتی لێکۆڵینەوە ناساندووە، هاوکات وەك بڕگەیەکی سەربەخۆ و لە ژێر ناونیشانێکدا خستوویانەڕوو، هەرچەندە ئەمانەش بەدوورن لە کرۆك و جەوهەری گرفتی لێکۆڵینەوە، بەم پێودانەگەش بێت وادیارە هەردوو نامەکە تووشی ئەو جۆرە گرفتەش نەبوونە، بە دەربڕینێکی دی دیارە لەم دوو ماستەرنامەیەدا تووشی هیچ جۆرە ئاستەنگی و گیروگرفتێك نەبوون کە مایەی باسکردن بێت.

ئاشکرایە بەهەند وەرنەگرتن و ئاماژەنەدان بە هەریەك لە ڕەگەزەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی کەموکورتییەکە و لەسەر لێکۆڵینەوەکان هەژمار دەکرێت، گەر لێکۆڵەر لەبەر نەشارەزایی و ئاشنا نەبوونی بە شەنگستەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی، ئەو حاڵەتەی بەسەردا تێپەڕیبێت چۆن دەتوانێت بە شێوەیەکی ئەکادیمی پڕۆژەیەکی لێکۆڵینەوەی زانستی بەڕێوە ببات؟ یاخود بە مەبەست ئەو ڕەگەزە گرنگەی لێکۆڵینەوەی وەلانابێت و بە گرنگی نەزانی بێت، دیسان ئەمەش لاسەنگی لە کارەکەی و بەتایبەتی لە پیادەکردنی ڕێکارەکانی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی دروست دەکات؛ چونکە هەریەك لەو بنەما و ڕەگەزانە ڕۆڵی تایبەتی خۆیان هەیە و یەك بە یەکیان ئەرکیان پێدەسپێرێت و کار لە نێو پرۆسەی لێکۆڵینەوەدا دەکەن، بە دەربڕینێکی دی تێکڕای ڕەگەزەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی تەواوکەری یەکدین و پێکەوە وەك گرووپێکی هەماهەنگ و تۆکمە کاردەکەن، هەر یەکەیان گۆشەیەکی دیاریکراوی لە پڕۆژەکە بەردەکەوێت و وەك ئەرکێك پێی سپێردراوە و ڕایدەپەڕێنێت. لە گۆشەنیگای گرنگی تێکڕای ڕەگەزەکانەوە سەرنجی ئێمە لەسەر گرفتی لێکۆڵینەوەکان چڕ دەبێتەوە، کە جگەلەوی ڕەگەزێکی سەرەکییە و جێی بایەخە هاوکات خاڵێکی بەهێز و وزەبەخشی نێو کردەی لێکۆڵینەوەشە؛ ئەمەش لەبەر ئەوەی لێرەوە یاخود لە بوونی گرفتێکەوە بیرۆکەی داڕشتنی ناونیشان و پڕۆژەی لێکۆڵینەوە و کارەکانی تری بەدوادادێت، پاشان پرۆسەکە هەنگاو بە هەنگاو ڕێگەی خۆی دەگرێت و لێکۆڵەر دەست بە کارکردن لەنێو پڕۆژەکەیدا دەکات.

ئەوەی لێرەدا جێی سەرنج و تێبینیکردنە دوو ماستەرنامەی تری سنووری لێکۆڵینەوەکەمان بە جۆرێکی جیاواز و شێوازێکی تر باس لە مەسەلەی بوون و نەبوونی گرفتی لێکۆڵینەوە دەکەن:

قۆناغی پێش ڕۆمانسیزمی شیعری کوردی (1851_1921)

ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا (2005)

گۆران کاریگەریی ئەدەبیاتی بێگانە

نەورۆز فارووق احمد (2007)

هەر دوونامەکە ئاماژە بۆ نەبوونی گرفتێکی ئەوتۆ دەکەن، کە لەکاتی لێکۆڵینەوە و بە ئەنجام گەیاندنی پرۆسەکە گرفتێکیان پیش نەهاتووە کە جیگەی باسکردن بێت، یەکەمیان هەرچەندە لەسەرەتاوە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ باس لە نەبوونی گرفت و ئاستەنگی دەکات و لەم ڕووەوە وایدەردەخات کە

ئاستەنگی پێش نەهاتووە ، بەڵام دواتر ئاماژە بۆ پچڕانی تەزووی کارەبا دەکات، ئەمەش ئازاری زۆری داوە و زیانی پێگەیاندووە و کاتیشی بەفیرۆداوە، لێرەدا لێکۆڵەر ناڕاستەوخۆ هاتووەتە سەر باسی گرفت و ئاستەنگی بەردەم کارەکەی، ڕاستە ئەو هۆکارانەی لێکۆڵەر باسی کردوون بوونەتە ئاستەنگی و تا ئاستێك کاتەکەیان بە فیرۆداوە، بەڵام هەموو ئەمانە و شتی تری هاوشێوەیان نابن یان شوێنی گرفتی لێکۆڵینەوە ناگرنەوە، بەڵکو ئەوانەی لەم بارەیەوە خستوویەڕوو پێدەچێت وەك لەمپەرێك هەنگاونانی کارەکەی سست کردبن، بەڵام لەتەك هەموو ئەمانەش هێشتا ئەو بابەتانە بە خودی لێکۆڵەرەوە خۆیەوە پەیوەستن نەوەك پرۆژەی لێکۆڵینەوەکە و لەو نێوەندەشدا گرفتی لێکۆڵینەوە.
لە بارەی ماستەرنامەکەی دووەمەوە بە هەمانشێوە لێکۆڵەر پەنجە بۆ نەبوونی گرفتی لێکۆلینەوەکەی درێژ دەکات، بەڵام دواتر باس لە مامەڵەکردن لەگەڵ چوار زمان دەکات، لەم ڕووەوە زەحمەتی زۆری بۆ هێناوە و بووەتە ئاستەنگی پێش کارەکەی، دیارە لێکۆلەر لێرەدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ گرفت و ئاستەنگی دەکات ئەویش مامەڵکردن لەگەڵ چوار زمان ئاسان نەبووە. دیسان دەڵێین نە جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ زمانە جیاوازەکان و نە بابەتانی تری هاوشێوەیان ناچنە چوارچێوەی چەمکی گرفتی لێکۆلینەوە، لەبەر ئەوەی هەموو ئەوانەی لێۆکۆڵەر وەك گرفت و ئاستەنگی ناساندوونی پەیوەستن بە خودی لێکۆڵەرەوە، کە تا چ ڕادەیەك هەوڵ و کۆششەکانی خۆی وەگڕخستووە و دەسەڵاتی شکاوە بەسەر چوار زمانی جیاواز و توانیویەتی شیعرەکانی ئەو زمانانە وەربگرێت و لە بەرژەوەندی پرۆژەکەی خۆیدا دووبارە بەکاریان بهێنێتەوە، لە پێناو گەشتن بە کۆمەڵێك ئەنجامی بابەتی و دروست، هەروەك ئەمانەش هیچ پەیوەندییەکیان بە گرقتی لێکۆڵینەوەوە نییە و بابەت گەلێکن لەدەورەوەی ئەو چەمکە دەبینرێن.
جێی بیرهێنانەوەیە لێرەدا ئەوەی تێبینی دەکرێت لە تەواوی ماستەرنامەکاندا باس لە بوونی گرفت یان گیروگرفتی لێکۆڵینەوە کراوە، بەڵام هیچ کام لەو نامانە دوور و نزیك ئەوەی باسیان کردووە و وەك گرفتی لێکۆڵینەوە دەستیشانیان کردووە، هیچ پەیوەندییەکیان بە بوونی ئەو گرفتە و چەمکە بنەڕەتییەکەی گرفتەکەوە نییە؛ چونکە ئەم چەمکە پەیوەستە بە تەواوی پرۆژەکە و ڕایەڵەکانی لەنێو شادەمارەکانیدا دێتودەچێت. ئاشکرایە هەر لە پێش لە دایکبوونی پرۆژەکە و ناونیشانی لێۆڵینەوەکەوە سەرچاوە دەگرێت تا بە ئەنجامەکانیش دەگات، پیشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کردووە کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گرفتی لێکۆڵینەوە هەژموونی زاڵە بەسەر کۆی پرۆژەی لێکۆڵینەوە و لەنێو هەموو ڕەگەزەکانیدا بەجۆریك لە جۆرەکان ئامادەگی هەیە، دیسان ئەوە دەخەینەوە بیری خوێنەر و لەم نێوەندەشدا ئەو پرسیارانە سەرهەڵدەدەن، هەموو ئەو بابەتانەی لە کۆی ماستەرنامەکان وەکو گرفتی لێکۆڵینەوە ناسێنراون، چی پەیوەندییەکیان بە بوونی چەمکی گرفتی لێکۆڵینەوەوە هەیە؟ ئاخر کەمی و نەبوونی سەرچاوە یاخود کەڵك وەرگرتن لە زمانانی بیانی و شتگەلی تر کە بەوردی شەنوکەومان کردوون، لە کوێی بوونی چەمکی گرفتی لێکۆڵینەوەدا جێیان دەبێتەوە یان چ مەودایەکی نزیك لەنێوانیاندا هەیە؟ تەنها ئەوە نەبێت کە تیکەڵییەك لەنیوان گرفتی لێکۆڵینەوە لەگەڵ گیروگرفت و ئاستەنگییەکانی بەردەم لێکۆڵەر لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی لێکۆڵینەوە ڕووبەڕووی دەبنەوە هەیە.

لە کۆتاییدا دەکرێ بگوترێ لەبەر ئەوەی تەواوی ئەو ماستەرنامانەی چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکەمان لە مەسەلەی چەمکی گرفتی لێکۆلینەوەدا کارمان لەسەر کردوون، نەیانتوانیوە بە شێوەیەکی بابەتی و زانستی دەستنیشانی ئەو چەمکە بکەن و بە دروستی مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، ئەمەش واپێدەچێت پەیوەندی بەو تێکەڵکارییەوە لەنێوان گرفتی لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو گیروگرفت و ئاستەنگیانەی ڕووبەڕووی لێکۆڵەر دەبنەوە هەبێت، کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکرد، ئەمەش ئەوە دەردەخات لێکۆڵەری نامەکان خوێندنەوەی وردیان بۆ سەرچاوە و ژێدەرەکانی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی نەکردبێت و ڕاستی و دروستی ئەو چەمکەیان لەلادا ئاشکرا نەبووبێت؛ بۆیە دەبینین لە جیاکردنەوەی گرفتی لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئاستەنگییەکانی بەردەم لێکۆڵەر سەرکەوتوو نەبوونە، وادەردەکەوێت بایەخێکی ئەوتۆیان بە ڕەگەزی گرفتی لێکۆڵینەوە نەدابێت. لە بەرانبەردا یەك لە دوای یەك لاسایی نامە بەراییەکانیان پێش خۆیان کردووەتەوە و بەهەمان ئەو ڕێگە و ڕێچکەیەی ماستەرنامە پێشینەکاندا ڕۆیشتوون. لەم ڕووەوە دەبینین دووبارەی ڕوانینی ئەوانیان بۆ چەمکی گرفتی لێکۆڵینەوە کردووەتەوە و لەسەر هەمان ڕێچکەی نامەکانی پێش خۆیان درێژەیان بەم بابەتەداوە، ئەم حاڵەتەش بووە بە لەمپەر لە بەردەم ناساندی چەمکی گرفتی لێکۆڵینەوە لەنێو ماستەرنامەکاندا.

## ئەنجامەکان.

1. ئەوانەی بەناوی گرفتی لێکۆڵینەوە لە تێکرای ماستەرنامەکان خراونەتەڕوو، دەکرێ گرفتی لێکۆڵەر بن نەك گرفتی لێکۆڵینەوە بە مانا و مەبەستە زانستییەکەی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2. خودی گرفتی لێکۆڵینەوە بریتییە لە کێشە یان ئارێشەیەکی پەیوەست بە بوارێکی لێکۆڵینەوە، کە دواتر ئەو گرفتە دەبێت بە خاڵی دەستپێك وتەواوی پرۆژەی لێکۆڵینەوەی لەسەر بونیاد دەنرێت.

3. ئەو ماستەرنامانەی لەژێر ناونیشانێکی سەربەخۆدا باسی بوونی گرفتی لێکۆڵینەوەکەیان دەکەن ژمارەیان دەگاتە (10) لەکۆی (19) نامە ئەمەش لە تێکڕای نامەکان ڕێژەی دەکاتە 52.63% .

4. ئەو ماستەرنامانەی بەبێ جیاکردنەوە و بە تێکەڵی لە پەراوێزی پێشەکی لێکۆڵینەوەکەیاندا، ئاماژە بۆ بوونی گرفتی لێکۆڵینەوە دەکەن، ژمارەیان دەگاتە (5) لەکۆی (19) نامە ئەمەش لە تێکڕای نامەکان26.31%.

5. ئەو ماستەرنامانەی کە نە بەجیاواز و نە بەتێکەڵی ئاماژە بۆ بوونی گرفتی لێکۆڵینەوەکەیان نادەن ژمارەیان دەگاتە (4) لەکۆی (19) نامە، ئەمەش لە تێکڕای نامەکان دەکاتە ڕێژەی 21.05%.

6. لەکۆی ئەو نامە ئەکادیمیانەی کەوتوونەتە چوارچێوەی سنووری لێکۆڵینەوەکەمان، یەك ماستەرنامەش بەشێوەیەکی زانستی و بە دروستی گرفتی لێکۆڵینەوەیان نەخستووەتەڕوو.

7. لەکۆی ئەو (15) نامەیەی کە باسی گرفتی لێکۆڵینەوەکەیان دەکەن، تەواوی نامەکان نەبوون یاخود کەمی سەرچاوە بە گرفتی لێکۆڵینەوە دەناسێنن، بەجۆرێك (8) لە نامەکان کە دەکاتە 53.31% باس لە نەبوونی سەرچاوە دەکەن، (7) نامەکەی تریش کە دەکاتە 46.66% ئاماژە بۆ نەبوونی سەرچاوە بەزمانی کوردی دەکەن..

## سەرچاوەکان

یەکەم: بەزمانی کوردی

1. احمد، نەورۆز فاروق، گۆران کاریگەریی ئەدەبیاتی بێگانە، ماستەرنامە، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، 2007.

2. ئیبراهیم، محەمەد عەبدولکەریم، زمانی شیعری و ڕەخنەی ئەدەبی نوێ (ئەزموونی شاعیرانی هەشتاکانی هەولێر بەمموونە) ماستەرنامە، کۆلێژی پەروەردە ـ بەشە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، 2009.

3. ئەحمەد، جیهان عەبدولوەهاب، کامەران بەدرخان و نوێکردنەوە لە شیعری کوردیدا، ماستەرنامە، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، 2008.

4. ئەحمەد، صافیە محەمەد، شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیرباڵ مەحموود ، ماستەرنامە، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، 2009.
5. باڵەکی، یادگار ڕەسوڵ حەمەدەمین، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعتری کوردی 1898 _ 1932، ماستەرنامە، کۆلێژی پەروەردە ـ بەشە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، 2003.
6. حسێن. جەبار ئەحمەد، ئیستاتێکای دەقی شیعری کوردیی ـ کوردستانی عێراق، ماستەرنامە، کۆلێژی پەروەردە ـ بەشە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، 2005.
7. حەوێز، سروشت جەوهەر، تازەکردنەوە لەشیعرەکانی (ئازاد دڵزار)دا، ماستەرنامە، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، 2010.
8. حەوێز، ماکۆك مەولود، لێکۆڵینەوەیەك لە شیعرەکانی هەژار ، ماستەرنامە، کۆلێژی پەروەردە ـ بەشە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، 2008.
9. صالح، ئاوارە کەمال، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پرکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا، ماستەرنامە، کۆلێژی پەروەردە ـ بەشە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، 2010.
10. عبید، ئەرخەوان محمد، ئاوێتەبوون و لێکدانەوە شیعری (نالی) بە نموونە، ماستەرنامە، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، 2009.
11. عەزیز، شەرمین ئیبراهیم، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پرکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا، ماستەرنامە، کۆلێژی پەروەردە ـ بەشە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، 2010.
12. عەزیز، هیوا نورالدین، بنیادی ڕیتم لە شیعرە کوردییەکانی عبداللە بەگی میصباح الدیوان (ئەدەب)دا، ماستەرنامە، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، 2009.
13. عەولا، ڕەحمان عەبدوڵلا، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا، ماستەرنامە، کۆلێژی پەروەردە ـ بەشە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، 2010.
14. مام عوسمان، ئەحمەد محەمەد، شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا، ماستەرنامە، کۆلێژی پەروەردە ـ بەشە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، 2007.
15. محەدمەد، ڕێزان محەمەد غەفوور، ڕێبازی ڕمانسیزم لە شیعری کوردیدا لە (1918 _ 1945، ماستەرنامە، کۆلێژی پەروەردە ـ بەشە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، 2005.
16. مستەفا، کانیاو عوسمان، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری لە شیعرە کوردییەکانی (ڕاجی)دا ، ماستەرنامە، کۆلێژی پەروەردە ـ بەشە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، 2010.

17. مستەفا، هێرۆ عبەالرحمن، ڕیالیزم لە شیعری (ئەحمەد دڵزار)دا، ماستەرنامە، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، 2009.

18. مستەفا، ئیدریس عەبدوڵلا، قۆناغی پێش ڕۆمانسیزمی شیعری کوردی (1851 _ 1921)، ماستەرنامە، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، 2005.

19. مشەختی، کامەران ئیبراهیم خەلیل، سیمۆلۆژیای زمانە سۆفیگەری لە شیعرەکانی (مەلای جزیری)دا ، ماستەرنامە، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، 2007.

دووەم: بە زمانی عەرەبی

20. جماعی، كتاب، منهجية البحث العلمي وتقنياته في العلوم االجتماعية، د.ط، إصدار المركز الديمقراطي العربي للدارسات الاستراتيجية والسياسية واالقتصادية برلين –ألمانيا، 2019.

21. عليان، ربحي مصطفي (الدكتور)، البحث العلمي أسسه مناهجه و أساليبه اجراءته، جامعة البلقاء التطبيقية، الاردن، (د.ت).

سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی

22. Bairagi, Vinayak And Munot V. Mousami, Research Methodology Paratactical And Scientific Approach, Taylor And Francis Group, New York, USAK 2019.

23. Boncz, imre, Introduction to research methodology, University of Pécs, Faculty of Health Sciences, Hungary, 2015.

24. Szilvia and vincize, research methodology, without publisher and location publish, 2013.

25. Leedy, Paul D, Ormrod Jeanne Ellis, Practical Research Planning And Design Eleventh Edition, Preason Education, Boston, UK, 2015.

26. Singh, Yogish, Fundamental Of Research Methodology And Statistics, New Age International Publisher, New Delhi, Indian, 2006.

27. Berg, brucle L, Qualitative Research Methods for the social Sciences, fourth edition, Allyn & Bacon, Boston, US, 2001.

28. Kothari, Cr, Research Methodology Method And Techniques, Second Edition New, International Publisher, New Delhi, 2004

29. Akhidime, Augustine E, (2017), The Importance And Development Of Research Problem: A Didactic Discuss, International Journal of Economics, Commerce and Management, Vol. V, Issue 8, 2017.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# عنصر مشكلة البِحث في رسائل الماجستير في الشعر الكوردي (2003-2010) في جامعة صلاح الدين


## ملخص:

هذه الدراسـةُ التي تحملُ عنوانَ (عنصـر مشكلة البِحث في رسـائل الماجسـتير في الشـعر الكوردي (2003-2010) في جامعة صـلاح الدين) محاولةٌ لجعلِ الرسـائلِ التي تتناولُ الشـعرَ الكورديَّ أكثرَ علميةً، وقد ركزتْ هذه الدراسـةُ على عنصـرٍ يُعدُّ من العناصـرِ الرئيسـةِ في البحوثِ والدراسـات العلمية، إذ بيّنتْ فيها، وبدقّةٍ دورَ هذا العنصــر؛ أي: مشـكلة البحثِ، في الدراســات العلميةِ وفاعليته. ومعلومٌ أنّ هذا العنصــرَ أحدُ أهمِّ ركائز الدراسات العلمية، إذ يُبنى عليها باقي العناصر والمكونات الأخرى. ومن هذا المنظورِ فإنّ هذه الدراسةَ تناولتْ هذا العنصرَ في رسائل الماجستير في الشعر الكوردي، إذ تمَّ تحليلُه بدقّةٍ، وذلك من أجلِ بيان كيفية توظيف هذا العنصـر في هذه الرسـائل، وكذلك معرفة مدى صـحّة توظيفه علمياً. وقد تمّتْ دراسـةُ توظيفِ هذا العنصـرِ من قبلِ الدارسين حسبَ المعايير العلمية، وذلك من أجلِ بيانِ نوعيةِ هذا التوظيف وكيفيته في دراساتهم. وقد وظّفَ الباحثُ المنهجَ (الوصـفي - التحليلي) في دراسـتِه، بالاعتماد على الأسـس الثابتة في الدراسـات العلمية، وقد بدا للباحث -من خلال النتائج التي توصـّل إليها- أنّ الدارسـين لم يُطبّقوا هذا العنصـر (مشـكلةَ البحث) في رسـائلِهم بصورةٍ علمية صحيحة.


# Research Problem Component in the MA Theses of Kurdish Poetry (2003-2010) at Salahaddin University


**Kawa Ali Mardan**

Department of Kurdish, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

Kawaali371@gmail.com


***Keywords***: *Research, Researcher, Component, Master's Thesis, Research Problem*


## Abstract

This study entitled "Research Problem Component in the MA theses of Kurdish Poetry (2003-2010) at Salahaddin University" Is an attempt to make the process of research writing in the field of Kurdish poetry more academic in academic theses. In this study, one of the essential components of academic research has been highlighted; the role

and effectiveness of this component in the academic studies has been demonstrated. It is obvious that this component is one of the significant poles of the academic research and the basis of other component and elements of research is built on it. From this viewpoint, this subject is taken into account and analyzed carefully on the MA Kurdish poetry theses in order to show this component in MA theses, to what extent it has been able to be used scientifically and properly. In this regard, they have been evaluated by scientific criteria for the way research are dealt; so that they will be scientifically shown and the way of dealing. For this purpose, in this study, descriptive and analytical methods have been utilized, based on the established principles of academic research. In the findings of this study, it generally seems that the academic MA theses on Kurdish poetry have not taken methodological procedures in articulating their research problems.